هەوڵ وتێکۆشان لە ئامۆژگاری کردنی پۆلیس وسەربازەکان

نوسینی

أبی همام بکربن عبدالعزیز الأثری

وەرگێرانی

عبداللّٰه کوردی

هەوڵ و تێکۆشان لە ئامۆژگاری کردنی پۆلیس و سەربازەکان

نوسینی : شیخ بکر بن عبدالعزیز الأثري

وەرگێڕانی: عبدالله کوردی

≅

زۆرێک له پۆلیس و سەربازەکان دان نانێن بەوەی که ئەم دەسەڵاتدارانه له دین هەڵگەڕاوە (کافر) بن، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ناتوانن نکۆڵی ئەوە بکەن که ستەمکارن!

وە ئەگەر له یەکێکیان بپرسیت: ئایا ئەم دەسەڵاتدارانه حوکم به بەرنامەی خوا دەکەن؟ ناتوانێت به بەڵێ وەڵام بداتەوە، بەڵکو هەموان دەزانن که حوکم به غەیری بەرنامەی خوا دەکەن، کەسیش نکۆڵی له شتی هەست پێکراو ناکات مرۆڤی ناتەواو نەبێت!

وە خوای گەورە دەفەرموێت: **[وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ]** (المائدە**45**) واتە: هەرکەسێک حوکم و داوەری بەوە نەکات که خودا ناردویەتیە خوارەوە "شەریعەت" ئەوا ئەوانه ستەمکارن. وە جیاوازیشی نییه ئەگەر بڵێن ستەمی بچوکه یان گەورە "ستەمی گەورە مەبەست لێی کوفرە" هەر سیفەتی ستەمیان پێوەیە.

وە ئەگەر له یەکێکیان بپرسیت: ئایا ئەم دەسەڵاتدارانه دۆستایەتی بێباوەڕان دەکەن ؟ ناتوانێت به نەخێر وەڵام بداتەوە، بەڵکو هەموان دەزانن که ئەوان دۆستایەتی بێباوەڕان دەکەن لەهەموو وڵات و شوێنێکدا، کەسیش نکۆڵی له شتی هەست پێکراو ناکات مرۆڤی ناتەواو نەبێت!

وە خوای گەورە دەفەرموێت: **[وَمَنْ يَتَوَلَّهُمْ مِنْكُمْ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ]** (التوبە**23**) واتە: وە هەرکەسێک له ئێوە هاوکاری ئەو بێباوەڕانه بکات ئەوە له ستەمکارانه. وە

جیاوازیشی نییە ئەگەر بڵێن ستەمی بچوکە یان گەورە "ستەمی گەورە مەبەست لێی کوفرە" هەر سیفەتی ستەمیان پێوەیە.

وە ئێمە ئەگەر هەندێک دابەزین "تەنازول بکەین" وا دابنێین کە ئەم دەسەڵاتدارانە ستەمکارن بەڵام کافر نین، ئایا دروستە پاڵ دانەوە و پەنا بردنە بەر ستەمکاران؟ یان هاوکاری کردنیان؟ یان ڕۆشتنە نێو دام ودەزگای پۆلیس و سوپاکانیان وکارکردن تێیاندا؟

خوای گەورە لە چیرۆکی موسادا دەفەرموێت: **[قَالَ رَبِّ بِمَا أَنْعَمْتَ عَلَيَّ فَلَنْ أَكُونَ ظَهِيرًا لِلْمُجْرِمِينَ]** (**القصص17**) واتە: خوایە لەبەر ئەو بەخششانەی کە پێت بەخشیوم منیش نابمە سەرخەری ستەمکاران. ئیمامی ابن كثير "رەحمەتی خوای لێبێت" دەفەرموێت: واتە: لەبەر ئەو پلە وپایە وسەربەرزی و بەخششانەی پێت داوم نابمە سەرخەری ستەمکاران، یانی هاوکار و یارمەتیدەری تاوانباران.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: **[وَلَا تَرْكَنُوا إِلَى الَّذِينَ ظَلَمُوا فَتَمَسَّكُمُ النَّارُ وَمَا لَكُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ مِنْ أَوْلِيَاءَ ثُمَّ لَا تُنْصَرُونَ]** (هود**113**) واتە: [پاڵ مەدەن و پشت مەبەستن بە ستەمکاران چونکە بەو هۆیەوە توشی ئاگر دەبن.....] وە مەبەست لە پاڵ پێوەدانیش ئەوەیە کەمێک مەیلت بۆیان هەبێت. هەروەها عبدالله کوڕی عمر ڕەزای خوایان لێبێت فەرمویەتی: **الجلاوزة والشرط كلاب النار يوم القيامة**. واتە: هاوکار "الجلاوزە" و پۆلیسی ستەمکاران سەگی دۆزەخن لە قیامەتدا. پێشەوا ذهبی دەفەرموێت: "الجلاوزە" یارمەتیدەرانی ستەمکارانن[1]. وە پێشەوا سفیانی ثوري دەفەرموێت: هەرکەسێک دەرمانێکیان بۆ پەیدا بکات، یان قەڵەمێکیان بۆ دا بدات _ئامادە بۆ نوسین_، یان کاغەزێکیان بداتێ، دەچێتە ڕیزی ئەوان و ئەو حوکمەیان

[1]_ الكبائر (**112**)

هەیە. بەڵکو لەوەشگەورەتر پێشەوا سەعیدی کوڕی موسەیەب ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت: چاوتان پڕ مەکەن لە هاوکارانی ستەمکاران. واتە: سەیریان مەکەن لەبەر خراپەیان[1].

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: [وَفِرْعَوْنَ ذِي الْأَوْتَادِ](الفجر10) واتە: وە فرعەونی خاوەن دەسەڵاتی دامەزراو وەک مێخ. ڕاڤەکاری قورئان عبداللە کوڕی عباس ڕەزای خوایان لێبێت دەفەرموێت: مەبەست لە "الْأَوْتَادِ" سەربازەکانە!

بۆیە سەربازەکان وەک مێخ وان بۆ دامەزراندنی حوکمی دەوڵەتەکان، وە ئەگەر دەوڵەت حوکم بە شەریعەت نەکات ئەوا سەرباز و پۆلیسەکان فەرمانڕەواییەکەیان و داوەری کردنیان بۆ لای غەیری بەرنامەی خوا دادەمەزرێنن و کارو کردەوەیان بۆ ڕادەپەڕێنن.

هەروەها ئیمامی ابن حبان و أبو یعلی و تەبەرانیش لە المعجم الصغیر و جگە لەوانیش ریوایەتیان کردووە، هەروەها خەتیبی بەغدادیش کە پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) فەرمویەتی: لە کۆتای دونیادا دەسەڵاتدارانێکی ستەمکار و وەزیرانێکی لەسنور دەرچوو تاوانبار و کۆمەڵێک قازی ناپاک و زانایانێکی درۆزن پەیدا دەبن، هەرکەس لە ئێوە گەشتە ئەو سەردەمە با نەبێتە عەریف بۆیان و نە ببێتە پاسەوانی خەزێنەکانیان و نە پارەو زەکاتیان بۆ کۆ بکاتەوە و نەبێتە پۆلیس بۆیان[2].

وە لە ریوایەتێکی تردا دەفەرموێت: کۆمەڵێک دەسەڵاتدارتان بۆ دێت خەڵکە خراپەکان لە خۆیان نزیک دەکەنەوە و نوێژەکان دوا دەخەن لەکاتی خۆیان، هەرکەس لە ئێوە گەشتە ئەو

---

[1]_ حلیة الأولیاء (170/2)

[2]_ تأریخ بغداد (284/10، 63/12) وهو حدیث صحیح بطرقه.

سەردەمە با نەبێتە عەریف بۆیان و نە بێتە پاسەوانی خەزێنەکانیان و نە پارەو زەکاتیان بۆ کۆ بکاتەوە و نەبێتە پۆلیس بۆیان[1].

وە ئیمامی عبدالرزاق لە ابن مسعودەوە گێڕاویەتیەوە کە فەرمویەتی: ئەبێت تۆ چی بکەیت ئەی مهدی ئەگەر باشەکانتان پشتگوێ خران و کاڵفام و منداڵەکان کرانە دەسەڵاتدارتان و نوێژ لە کاتی خۆی دواخرا؟ ووتم: نازانم ! فەرمووی: نەبیتە پارەوەرگر و عەریف و پۆلیس و نامەبەریان وە نوێژەکان لە کاتی خۆیدا بکە[2].

وە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) باسی کردووە کە لە کۆتای دونیادا: پۆلیسێک پەیدا دەبن بەیانیان و ئێواران _بە بەردەوامی_ لە توڕەیی و لەعنەتی خوادا دەبن[3] . وە لە ڕیوایەتێکدا فەرمویەتی: وریابە نەبیتە نزیک و دڵسۆزیان.

هەروەها خۆشەویست ئوممەتەکەی ئاگادار کردوەتەوە و فەرمویەتی: (بە کردەوەی باشتان خۆتان لە شەش شت بپارێزن پێش ئەوەی پێتان بگات: دەسەڵاتداری گەمژەکان و زۆری پۆلیسەکان....) وە چەند شتێکی تری ژمارد. ئیمامی احمد و تەبەرانی گێڕاویانەتەوە لە عابس الغفارییەوە ڕەزای خوای لێبێت وە لە ریوایتەیێکدا فەرمویەتی: بە مردن خۆتان بپارێزن! وە عابس پێی وابوو ئەو شەش شتە لە سەردەمی ئەودا دەرکەوتووە بۆیە هیوای مردنی دەخواست،

---

[1]_ صححه الألباني في السلسلة الصحيحة برقم **630.**

[2]_ المصنف **(383/2).**

[3]_ رواه أحمد والطبراني وغيرهما.

کاتێک کە سەرزەنشت کرا ئەم فەرمودەیەی گێڕایەوە. ئیمامی مەنناوی فەرمویەتی: پۆلیس هاوکاری دەسەڵاتدارانن و بەزۆر بونیان لەبەر دەرگای ئەوان ستەم زیاتر دەبێت[1] .

هەروەها پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرمویەتی: پاش من کاربەدەستانێکتان بۆ دێت، ئەوەی دەیڵێن خۆشیان دەیکەن، وە شتێک دەکەن کە بیزانن و شارەزای بن ــیان ئەوەی دەیزانن کاری پیّ دەکەن_ گوێڕایەڵی ئەوانە چاکەیە و پێویستە، سەردەمێک بەو شێوەیە دەمێننەوە، پاشان کاربەدەستانێکتان بۆ دێت، ئەوەی دەیڵێن خۆیان نایکەن، وە شتانێکیش دەکەن کە لێی شارەزا نین و نایزانن، هەر کەسێک دڵسۆز بێت بۆیان وە یارمەتیان بدات، وە دەستیان بگرێت و گەرم بێت لەگەڵیان، ئەوانە تیاچوون و خەڵکیش بە تیاچوون دەبەن! بە جەستەتان تێکەڵیان بن و بەکردەوەتان لەوان جیا بن، بە چاکەکار بڵێن چاکەکار و بە خراپەکاریش بڵێن خراپەکار[2] .

هەروەها فەرمویەتی: (گویّ بگرن: ئایا بیستوتانە دوای من کاربەدەستانێک دێن، هەر کەس بچێتە لایان و درۆکانیان بە ڕاست دابنێت، هاوکاریان بێت لەو ستەمەی دەیکەن، لە من نییە و منیش لەو نیم، وە نایەتە سەر حەوزی من لە قیامەتدا، وە هەرکەسێک نەچێتە لایان و هاوکاریان نەبێت لە ستەمیان و درۆکانیان بە ڕاست دانەنێت، ئەوە لە منە و منیش لە ئەوم و دێتە سەر حەوزی من[3] _حەوزی کەوسەر_.

---

[1]_ فتح القدير **(194/3)**

[2]_ صححه الألباني في السلسلة الصحية **4570**.

[3]_ أخرجه الترمذي وصححه الألباني.

هەورەها فەرمویەتی: دەسەڵاتدارانێک دێن هەندێک کاری شەرعی دەکەن و هەندێکی حەرام و ناشەرعیش، هەر کەس بەرهەڵستیان بکات ڕزگاری دەبێت و هەرکەس لێیان دور بکەوێتەوە سەلامەت دەبێت و هەرکەس تێکەڵاویان بێت تیادەچێت[1] .

هەروەها فەرمویەتی: لەدوای من کاربەدەستانێک دێن کە درۆ دەکەن وستەم دەکەن، هەرکەس درۆکانیان بە ڕاست دابنێت و یارمەتیان بدات لە ستەمەکەیان، ئەوە لە من نییە و منیش لەو نیم و نایەتە سەر حەوزی کەوسەریش[2] .وە پێشەوا احمدی کوڕی حنبل کاتێک لە زیندان بوو پاسەوانی زیندانەکە لێی پرسی: ئەی باوکی عبدالله ئەو فەرمودەیەی کە لەسەر ستەمکاران و هاوکارانیان گێڕدراوەتەوە دروست و صەحیحە؟ فەرمووی: بەڵێ ! پاسەوانەکەش لێی پرسی: ئایا منیش هاوکاری ستەمکارانم؟ پێشەوا احمدیش فەرمووی: هاوکاری ستەمکار ئەوەیە کە قژت بۆ چاک دەکات، وە جلەکانت بۆ دەشوات، خواردنت بۆ ساز دەکات، وە کڕین و فرۆشتنت لەگەڵ دەکات، بەڵام تۆ خۆت لە ستەمکاران خۆیانیت[3]_واتە:خۆت ستەمکاریت !

وە داود لە باوکیەوە دەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی: لەگەڵ سفیانی ثوري بوم، بەلای پۆلیسێکدا تێپەڕین خەوتبو، وە کاتی نوێژ هاتبوو، منیش ڕۆشتم جوڵاندم تا خەبەری بێتەوە، سوفیانیش هاواری کرد: مەکە! منیش ووتم: ئەی باوکی عبدالله با نوێژەکەی بکات، فەرموی: لێی گەڕێ، درود و میهرەبانی خوای لێ نەبێت _دوعای لێکرد_ خەڵک پشوو نادەن تا ئەمە نەخەوێت[4]!

---

[1]_ رواه الطبراني صححه الألباني في صحيح الجامع **3661.**

[2]_ أخرجه الإمام أحمد.

[3]_ ذكره ابن الجوزي في مناقب الإمام أحمد.

[4]_ حلية الأولياء **(41/7).**

معازی کوڕی جبل ڕەزای خوای لێبێت گێڕاویەتییەوە، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرمویەتی: ئێستا دەستاڕی ئیسلام _حوکم_ وەک خۆی دەسوڕێتەوە، ئێوەش لەگەڵ قورئاندا بن، بزانن لە داهاتودا دەسەڵات و قورئان لێک جیا دەبنەوە، ئێوەش لە قورئان جیا نەبنەوە، وە دەسەڵاتدارنێک دێن شتانێک بۆ خۆیان دادەبڕن و پێیان خۆشە بەڵام نایدەن بە ئێوە، ئەگەر سەرپێچیان بکەن دەتانکوژن، وە ئەگەر گوێڕایەڵیشیان بکەن زەلیل و سەرشۆڕتان دەکەن! وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم)،ئەی دەبێت چی بکەین؟فەرمووی: وەک هاوەڵانی عیسای کوڕی مریم بکەن، بە مشار _هەڕە_ دوکەرت دەکران، لەسەر تەختە هەڵدەواسران _لە خاچ دەدران_مردنێک لە گوێڕایەڵی خوادا باشترە لە ژیانێک لە سەرپێچی خوادا[1]!

هەموانیش دەزانن کە دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆ وازیان لە قورئان هێناوە و ڕازی بوون بە یاساکانی جولەکە ونەصارا.

هەروەها ئیمامی موسلیم لە ابو هریرەوە ریوایەتی کردووە کە خۆشەویست فەرمویەتی: دوو کۆمەڵی دۆزەخی هەن هێشتا من نەمدیون، خەڵکانێک قامچیان پێیە وەک کلکی مانگا و لێدانی خەڵکی پێ دەکەن، وە ئافرەتانێکی داپۆشراوی ڕووت.....هتد.

وە ئەگەر پۆلیس لە سەدەکانی پێشودا بە ئاشکرا بەو قامچیانە لە خەڵکیان دەدا، ئەوا یاسا پەرستەکان و پۆلیسەکانیان _لەم سەردەمەدا_ زۆر پیسترن! چونکە ئەوان لەبەر چاوی خەڵک لە کەس نادەن و بە خەتێکی پان و گەورەش نوسیویانە : (پۆلیس لە خزمەتی گەلدایە) بەڵام لە ڕاستیدا لە خزمەتی تاغوتدان! بەڵام لە تاریکی زیندانەکاندا جۆرەها ئەشکەنجە و لێدان

[1]_ رواه الطبراني.

بەکاردەهێنن لە دژی ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بە یاسا کوفریەکەیان نییە، دور لە چاوی خەڵک بە قامچی و جۆرەها ئەشکەنجەی تر کە هونەری تیا بەکاردێنن کە قامچی بەدەستە کۆنەکان هەر نەیاندەزانی، خوای گەورە پەنای ئێمەو موسڵمانانیش بدات لە ڕێ و ڕێباز و کردەوەی ئەوانە.

بۆیە ئامان! ئاگاداربە نەبیتە سەربازی یاسای شەیتان، ئەوانەی کە خوای گەورە دەربارەیان دەفەرموێت: **[فكبكوا فيها هم والغاون وجنود إبليس أجمعون]** (الشعراء **94_95**)

واتە: جا هەموو ئەو بێباوەڕانە بە ڕوودا دەخرێنە دۆزەخەوە، لەگەڵ سەرباز و دەستوپێوەندی فرعەون هەموویان. هەروەها دەفەرموێت: **[جند ما هنالك مهزوم من الأحزاب]** (ص**11**)

واتە: سەربازانی کوفر دۆڕاو و شکست خواردون.

بەڵکو هەوڵ بدە ببیتە سەربازی یەکتاپەرستی و چەکداری ئیمان، کە خوای گەورە دەربارەیان دەفەرموێت: **[وإنّ جندنا لهم الغالبون]** (الصافات**173**) واتە: بەڕاستی سەربازەکانی ئێمە براوە و سەرفرازن[1].

بەرپرسی پۆلیسەکانی معتصم دەربارەی ئیمام احمدی کوڕی حنبل ووتویەتی: ئێمە لە پێش چاوی ئیمام احمددا وەک مێش واین[2]!

و صلى الله وسلم علي علي نبيبا محمد و على اله و صحبه وسلم

---

[1]_ كشف النقاب عن شريعة الغاب **(148).**

[2]_ واتة وةك ميَش سةيري دةكردين وحسابي ميَشيَك زياتري بؤ نةدةكردين!